# دەبوو حکومەتی هەرێم لەگەڵ دەسگیرکردنی شێخ زانا دەستی لەکار بکێشابا

ڤینۆس فایەق
هۆڵەندا

لە ژێر ناونیشانی تۆڕی تیرۆریستی شێخ زانای بەناو جیهاد و شەریعەتی خوا لە رۆژنامەی خەبات دانپیانانەکانی تیرۆریستەکانم خوێندەوە کە لە چوار بەش پێکهاتبوو ، سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەست پێدەکات کە ئەو چەند دێرە لە هەر چواربەشەکەدا دووبارە بووبۆوە (پاش زنجیرەیەک کاری تیرۆریستی نامرۆڤانە لە پایەتەختی کوردستان (هەولێر) هێزەکانی ئاسایش و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی پاراستنی سەقامگیری توانیان تۆڕێکی زۆر ترسناک و تیرۆریستی بەناوی تۆڕی شێخ زانا و هاوکارەکانی دەستگیربکەن. ....هتد هەتا دەگاتە..شەرعی خودا ئونجامداوە).

زۆرم لەخۆم کرد هەتا هەر چواربەشەکەی دانپیانانەکانم خوێندەوە ، زۆر گەڕام بەدوای بەهانەیەک بۆ هەبوونی ئەو جۆرە باندە تیرۆریستانەیە لە ئیستای کوردستاندا لە پاش رووخانی دڕندەترین رژێمی دیکتاتۆری تیرۆریستی کە هەموو جۆرەکانی کوشتن و بڕین و سەربڕین و لەناوبردن و ئابڕووبردنی لە میللەتی کوردا تاقیکردەوە نەبوو و نەمدۆزیەوە ، ئەوەی سەری خولدام ئەوەبوو ئەو باندە لەساڵەکانی 1995 و 1997ەوە دەستبەکارن ، کەچی تازە بە تازە لە بەشی دووەمی ساڵی 2005دا دەستگیر ئەکرێن !! پەلەی چیبوو حکومەتەکەی هەولێر با نیوەی شاری هەولێر و زاخۆیان سەربڕیایە !! ئەوجا کە حکومەتی هەرێم تێرخەو بوو هێدی هێدی پاش ئەوەی باوێشکی تێرخەوی بدەنەوە و تێر خۆی کێشایەوە ئەوجا بچن بەهانای کوژراو و سەربڕدرا و نامووس هەتککراوەکانەوە ، پەلەی چیبوو حکومەتی هەرێم لە هەولێر با هەموو گەنج و رۆشنبیرە لاوەکان غەرقی زەلکاوی تیرۆر و نامووس بردن ببن ئەوجا بکەونە خۆتان و بچن بەهانای وڵاتەوە .. بە باوەڕی من ئەو هەواڵە یان هەر بڵاونەکرایەتەوە یان دەبوو دەستبەجێ حکومەتی هەرێم خۆی هەڵوەشێنێتەوە ، هەر نەبوایە دەزگای ئاسایش لە رەگەوە هەڵوەشێتەوە و ناوێکی تری لێ بنرێت ، ئەی کێ ناڵێت هەموو دەزگای ئاسایشی هەولێر ئەندامی شەرەف نین لە باندەکەی شێخ زانا؟. ئافەرم بۆ حکومەتێک نەتوانێت درک بەبوونی تیرۆریستێکی وەکوو مولازم دلێر بکات کە لە ناوجەرگەی دەزگایەکی وەکوو دەزگای ئاسایشدا چێنراوە و ماوەی زیاد لە هەشت ساڵ کاری تیرۆریستی کردووە ..تێناگەم لە بەرژەوەندی کێ بووە مانەوەی باندێکی وا و واش چالاکانە ماوەی زیاد لە هەشت ساڵ و بەردەوام بوونی لە تۆقاندن و سەربڕین و کوشتن و هەتککردن؟؟

تەزوو بە هەموو جەستەمدا ئەهات ئەو کاتەی ئەو دێرانەم ئەخوێندەوە و ئەو کاتەشی ئەو تیرۆریستانەم لەسەر تەلەفزیۆن بینی راشکاوانە باس لە قارەمانێتیەکانیان ئەکەن ، زۆر گوێقوڵاغ بووم هەواڵی هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێم ببیسم ، بەڵام بەداخەوە هەر باس

باسی باندەکەی شێخ زانابوو ، شێخ زانا لە پێش ساڵەکانی 1995ەوە حوکمی حکومەتی هەرێم ئەکات و حکومەتی هەرێمیش عەرەب گوتەنی (نایم و رجلیە بالشمس) واتا نووستووە و پێی لەبەر هەتاو داناوە ، لە پێش ساڵی 1997ەوە شێخ زانا پەیوەندی بە کۆمەڵەی جیهادەوە بووە ، کوشتن و سەربڕین و کوشتنەوە شتی ئیعتیادی بوون ..ئەی خودا ئەزانێت دەزگاکانی تری حکومەت چی لەبندا کۆبۆتەوە وەکوو کرمی ژێر تەپاڵە ، ئەی داخوا لە دانیشتنە سەرکلۆم و قفڵکراوەکانی پەرلەمانە جوانەکەی کوردستان کە دائەنیشن چ ڕێ و جێیەکی بەجێ دائەنێن بۆ چارەسەرکردنی ئەو تاوانانە ، چ پلانێکیان بەدەستەوەیە بۆ هەڵماڵینی پەردە لەسەر باندەکانی تر کە خودا هەر بۆخۆی ئەزانێت لەکەیەوە دەستبەکارن و کێش پشتگیریان ئەکات و داڵدەیداون.

باشە شێخ زانا باندێکی لە چەندین ئەندام دروست کرد و هەموویانی ڕاهێنا و دەستەمۆکرد ، ئەی حکومەتی هەرێم چی کرد و هاووڵاتی کوردی لەسەرچی ڕاهێنا و چ وانەیەکی دایێ؟؟

لە ساڵی 1995 – 1996 ەوە شێخ زانا لە سەرەتاوە سەرپەرشتی دلێری کردووە هەتا لە کۆلێژی شورتە وەرگیراوە و بە گوێیدا خوێندوویەتی و پێیگەیاندووە هەتا لەناو ئاسایشدا چاندوویەتی ، هەتا کردوویەتیە بکوژ و سەربڕ و لەناو دەزگای ئاسایش وەک چقل لەناو چاوی حکومەتی هەرێمدا چاندوویەتی ، ئەی حکومەتی هەرێم چەند کادیر و ئەندامی پەروەردەکرد هەتا بتوانن بە ماوەی کورت ئەو باندانە کەشف بکەن نەک دوای نۆ ساڵ لە تاوان کردن ئینجا بەهۆی منداڵیکی هەڵاتووەوە وەخەبەر بێن ..

ئەی داخوا هەڵوێستی تاکەکەسی سەرۆکی حکومەتی هەرێم چییە لەو بارەیەوە ، هەڵوێستی پیاوانی ئاینی چیە ، ئەگەر ئەوانیش دوا یەکیان ئەندام نەبووبن لەو باندەدا. کوا هاواریان بەڕووی ئەو هەموو ئیهانەیە بە ئیسلام کە باندەکەی شێخ زانا کردوویەتی ، لە جیاتی زیکر و فیکر و قورئانو فەرزەکانی ئیسلام ئەندامەکانی باندە ئیسلامیەکەی ڕاهێناوە لەسەر سێکس پیاولەگەڵ پیاو و حەبی بێهۆش کردن و ناموسی کچان هەتک کردن.

لەو دێڕانەی خوێندمەوە و متمانەی بەهیچ شتێک پێنەهێشتم ئەم چەند دێڕە بوو:

(<u>سەرکەوتنی موسڵمان و کاری سێکسی ، پێویستیمان بە موخابەراتێکی ئیسلامی هەیە بۆئەوەی هەموو شتێک جێبەجێ بکەن ، ئەوەش بەلای ئەوانەوە یەکێک بووە لە چەکە گرنگەکان کە لە دژی کۆمەڵگا پێی جەنگاون ، ئەویش سێکس بووە</u> .)

هیچ جێگایەک بۆ ماناکانی پیاوەتی و غیرەت و شەرەف و نیشتیمانپەروەری و پیرۆزی شەرەف و پیشە و نیشتیمان و تەنانەت ئایین لە ئاست ئەو چەند دێڕدا نامێنێت ، ئەی خەڵکی شاری هەولێری هۆلاکۆبەزێن کوان؟ کوا دەنگتان هاوارکەن و بچنە سەر جادەکانی هەولێر و بیکەنە مەیدانی هاوار و داواکەن حکومەتی هەرێم دەست لەکار بکێشێتەوە ، ئەی خەڵکی شاری هەولێری نازدار و بریندار خودا یارتان بێت ، کوا مانگرتن و ناڕەزایی و یاخیبوون و هەڵوێستتان ؟ بۆچی وا بێدەنگن؟ بۆ یەخەی حکومەتی هەرێم ناگرن ؟ خۆ

گەنجەکانی ئێوە بووە وا هەڵخلیسکاونەتە زەلکاوەکەی شێخ زانا و لە دەست دەرچوون ، رۆڵەی ئێوە بووە سەربڕدراون و پارچە پارچە کراون و فڕێدراون ، کچی ئێوە بووە هەتک کراوە و هەڕەشەی لێکراوە تا کاری ئابڕووبەریان لەگەڵ و پێ بکات..!!

ئەوەشی قوڕەکەی خەست ئەکردەوە ئەو دوو دێڕەبوو لەسەر شاشەکە ئەنووسرا لە ژێر وێنە و دانپیانانەکان و فلیمە ئابڕووبەرەکانی تیرۆریستەکانەوە : (سەیرکردنی ئەم فلیمە بۆ تەمەنی ژێر هەژدە ساڵ شیاو نیە) !! بە ئازارەوە پێکەنینم دەهات ، داخوا ئەو حکومەتە چیکردووە بۆ هوشیارکردنەوەی ئەو میللەتە نەگبەتە تابزانن چی بۆ ژێر هەژدەساڵ شیاوە و چی شیاو نیە ، بەڵام بەداخەوە هەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە و دانپیانانەکان خۆی لەخۆیدا هەتکی حکومەتی هەرێمی برد..

venusfaiq@yahoo.co.uk